

# ژینگەیەکی پەروەردەیی زانستی بۆ کچان دابین نەکراوە

لەکۆمەڵگەی نەریتییەکان بەهۆی کۆمەڵێ کەلتووری دواکەوتوو، ئافرەتان لەکایەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا پەراوێز خراون و کەمتر بەشدارییان پێدەکرێت، بەڵام ڕێکخراوەکانی بواری ئافرەتان بەردەوام دروشمی ئەوەیان هەڵگرتووە کە پەروەردەی کچان لە بناغەوە لە سەر ئەو سیستەمە دابڕێژێ کە بۆ بەشداریکردن لەگشت جومگەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ئامادە و تەیار بکرێن، تاوەکو لەداهاتوودا ببنە تاکێکی سوودبەخش و ڕۆڵیان لە دارشتنی سیاسەتی پرۆسەکانی ناو ئەو کۆمەڵگەیەدا هەبێت. بەڵام ئایا ئەو دروشمانە تا چەند لە هەرێمی کوردستان پراکتیکی کراون و ڕێکارەکانی چەسپاندنی چین؟ بەشداربووانی ئەم راپۆرتە وەڵامی ئەو پرسیارەی گوڵان دەدەنەوە.

### ئافرەتمان هەیە لەنێو گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا پێگەی بەرچاوی هەیە، بەڵام لەڕووی چەندایەتی ژمارەیان زۆر کەمە

«هەمیشە لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی بە گشتی و لە کۆمەڵگەی خۆمان بەتایبەتی هەوڵی ئەوە دەدرێت لە هەر کایەیەك لە کایەکانی کۆمەڵگە هەردوو رەگەزی نێر و مێ جیا بکرێتەوە، ئەم بۆچوونە لە جیهانیشدا و لە وڵاتە پێشکەوتووکانیشدا بە ڕێژەی جیاواز بوونی هەیە، لە نێو کۆمەڵگەی کوردیشدا لە پارچەیەك بۆ پارچەیەکی تری کوردستان جیاوازی هەیە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەر یەکێك لەو پارچانە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەگەڵ چەند کەلتوورێکی جیاوازی بیانی هەڵسوکەوتیان کردووەو کەلتووری ئەو وڵاتانەی کوردستانی بەسەردا دابەش بووە، بە تەواوی کاریگەری لەسەر کەلتووری ڕاستەقینەی کورد کردووە». نووسەر و شێوەکار نەبەز ئەحمەد جۆڵا وایگوت. ئەو ڕایوایە سەرەڕای ئەو پێشکەوتنەی هەرێمی کوردستان بە خۆیەوە دیویەتی، تا ئێستاش ڕەگەزی مێ بە سانایی ناتوانێت لە نێو سەرجەم جومگە گرنگەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی جێگەی خۆی بکاتەوەو پێشکەوتنی گەورە بەدەست بهێنێت، وتیشی «لەگەڵ ئەوەشدا کە ئافرەتمان هەیەو ئازایانە لەنێو گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا پێگەی بەرچاوی هەیە، بەڵام لەڕووی چەندایەتی ژمارەیان زۆر کەمە، چونکە بۆ گرتنەبەری ڕێگەیەك بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن، ناچار بوون ڕووبەڕووی زۆر نەریتی کۆمەڵگەی کوردی ببنەوە، کە لە ڕاستیدا هەندێکی نەریت و کەلتووری کوردی نین و زیاتر عەرەبین و تێکەڵ بە کەلتووری کوردەواری بووە، هەندێك لەو کەلتووری عەرەبییەش بەهۆی تێکەڵاو بوونی لەگەڵ ئایینی ئیسلام بە پیرۆزیش سەیر دەکرێن، کە لە بنەڕەتیشدا هیچ پەیوەندییەکی بە ئایینی ئیسلامەوە نییە».

### پێویستە لەقۆناغی دایەنگەوە کار لەسەر پەروەردەی کچ بەتایبەتمەندییەکانی خۆیەوە بکرێ

نەبەز جۆڵا خوێندن و ئابووری سەربەخۆی ئافرەت بە گرنگترین فاکتەری خاوەن ئیرادەبوونی کچ دادەنێت و دەڵێت «گەر کچانی ئێمە ئابوورییەکی سەربەخۆیان هەبێت، کۆمەڵگە و خێزانیش ناتوانن هەموو فەرمانێك بەسەریدا جێبەجێ بکەن، خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزیش هۆکاری سەرەکی دەبێت بۆ هاتنەدەرەوەی رەگەزی مێ لەنێو چواردیواری ماڵەکان و بۆ بەدەستهێنانی ئابووری سەربەخۆ»، گوتیشی «لەسەر دەسەڵاتی کوردی بەتایبەتی لایەنی جێبەجێکار پێویستە ئەو یاسایانە جێبەجێ بکات کە بۆ داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان دانراون و ڕێگە نەدات لەم کۆمەڵگەیە بە ئاسانی یاری بە چارەنووسی ڕەگەزێکی گرنگی ژیان بکەن کە ڕەگەزی مێیە، بۆیە پێویستە لەقۆناغی دایەنگەوە کار لەسەر پەروەردەی کچ بەتایبەتمەندییەکانی خۆیەوە بکرێ، هەروەها باوان وشیار بکرێنەوە بۆ ئەوەی ژینگەیەکی شیاو بۆ راهێنانی کچی بەتوانا دروست بکەن».

نەبەز ڕەخنە لە حکومەت و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی ئافرەتان دەگرێ و دەڵێت «حکومەت و ڕێکخراوەی ناحکوومی داکۆکیکار لە مافی ئافرەتان بە شێوەیەکی زانستی و بناغەیی کاریان بۆ فەراهەمکدرنی پەروەردەی کچی کاریزما و بەتوانا نەکردووە، هەروەها پێویستە ئەو ڕێکخراوانە لەو ساتانەی ڕەگەزی مێ بە مافەکانیان ئاشنا دەکەن، هەوڵەکانیشیان لەگەڵ ڕەگەزی نێرینە بۆ تێگەیاندن و ناساندنی مافی ئافرەت بەردەوام بێت».

### ئافرەتان کاری جددییان بۆ نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی نەکردووە

شاکر عەلی کارگێڕی لێژنەی ناوچەی سەرهەڵدان سنووری لقی یەك لە دهۆك، لە دەستپێکی قسەکانیدا بۆ گوڵان، ئاماژە بەوە دەکات کە ئافرەت ڕەگەزێکی سەرەکییە لەناو هەر کۆمەڵگەیەکدا، بەتایبەتی لەناو چڤاکی کوردیدا ئافرەت ڕێز و پێگەیەکی تایبەتی هەیە، لەناو تەواوی پارتە سیاسییە کوردستانییەکانیشدا ئافرەت ڕۆڵی لە خەباتی ڕابردوو و سەرخستنی تێکۆشانی ئەمڕۆیان هەیە، بەڵام پیاوان وەك پێویست گرنگییان بە پێگەی ئافرەت نەداوە و ئافرەتانیش هەوڵیان نەداوە کاری جددی بۆ نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی بکەن».

شاکر عەلی لە درێژەی قسەکانیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرفەتی بە ئافرەت داوە لەهەموو دەزگاکانی حکومەت بەشدار بن و پلەی جۆراوجۆریش بەر ئافرەتان کەوتووە»، گوتیشی «بەبۆچوونی من ئەوە کەمە و هەنگاوی گەورەتری پێویستە بۆ ئەوەی ڕێگەی بەشداری سیاسیی ئافرەتان لە بەڕێوەبردنی وڵات خۆش بکرێت، تاوەکو ڕۆڵی زیاتریان لە هەموو جومگەکانی کۆمەڵگە هەبێت».

ئەو کارگێڕە سیاسییە بە پێویستی دەزانێت، کاری هەمە لایەن و هەمەجۆر بکرێ بۆ ئەوەی کچ لە تەمەنی منداڵییەوە بە متمانەیەکی زیاتر بە خۆی بێتە ناو کۆمەڵگە و ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەش بەرز بکرێتەوە بۆ ئەوەی نەك ڕێگری لە پێشکەوتنی کچان نەکەن، بگرە کارئاسانیشی بۆ بکەن، گوتیشی «بێ شك پێویستە کچانی کورد ژینگەیەکی شیاویان بۆ دروست بکرێت و هەر زوو لە تەمەنی منداڵییەوە لە کۆڕ و کۆبوونەوە و خولەکانی جۆراوجۆری راهێنان و فێرکاری و پەروەردە بەشدار بکرێن، بۆ ئەوەی ببینە ئافرەتێکی سەرکەوتوو، هەروەها حکومەت پێویستە دەرگەیەکی ئابووری سەربەخۆ بۆ کچان بکاتەوە، تاوەکو بتوانن خوێندن تەواو بکەن و دواتر شانبەشانی پیاوان خزمەتی خۆیان و کۆمەڵگەیان بکەن، جگە لەوەش پێویستە ئازادییەکی زیاتری لەلایەن خێزانەوە پێبدرێت، فێریشی بکەن کە ڕێز لە ئازادییەکەی بگرێت، بەمجۆرە کچ دەتوانێت رۆڵی لەناو کۆمەڵگەدا ئەکتیف بێت و بەوپەڕی بڕوا بەخۆبوونەوە لەکایە سیاسی و جڤاکییەکان بەشدار بێت».

### هاوسەرەکانیان بە مانای وشە ژنێك بێت لێوالێو لە مێیەتی پڕ بێت، ئەم دووفاقیەی پیاو و کۆمەڵگە وایکردووە، کچی بەتوانا و کارامە و چالاك لە کۆمەڵگە کەم بێت

تانیا جەمال چالاکوانی مافەکانی ئافرەت، سەبارەت بە هەمان پرس رای تایبەت بە خۆی هەیە. ئەو پێیوایە «ژینگەی خێزانی تا ئێستا بۆ پەروەردەی کچ ژینگەیەکی شیاو نییە و هەمیشە پیاوان هەوڵ دەدەن کچیان بە خەسڵەتی پیاوانە گەورە بکەن و لەگەڵ ئەوەشدا هەردەم خەتی سوور و خەتەریان بۆ دادەنێن،

نەبەز ئەحمەد جۆڵا:

**حکومەت و ڕێکخراوەکانی ناحکوومی و داکۆکیکار لە مافی ئافرەتانیش بە شێوەیەکی زانستی و بناغەیی کاریان بۆ فەراهەمکردنی پەروەردەی کچی کاریزما و کارامە نەکردووە**

شاکر عەلی:

**ئافرەت لەناو پارتە سیاسییە کوردستانییەکان ڕۆڵی لە خەباتی ڕابردوو و سەرخستنی تێکۆشانی ئەمڕۆیان هەیە، بەڵام پیاوان وەک پێویست گرنگییان بە پێگەی ئافرەت نەداوە**

یـــان کچ وکوڕ بە بەنزین و ئاگر دەشـــوبهێنن و نزیکبوونەوە و دۆستایەتییان بڤە دەکەن». گوتیشی «هەر لە سەرەتاوە هێندە بـــە کچان دەگوترێ: ئاگات لە خۆت بێت، پیاوانە بە، شـــێر بە و کۆمەڵێك شـــتی دیکە کە وای لێدەکەن هەست بە کەمی خۆی بکات وەك ئافرەت و هەوڵدەدات هەموو خەســـڵەتەکانی پیاو لە خۆیدا بەرجەســـتە بکات، تا دەگاتە رادەیەك زۆرجار بیز لە جەســـتەی خۆی دەکاتەوە و کێبڕکێی پیاوەکان دەکات لەســـەر پیاو بوون، ئیدی لە کۆتاییشدا کە شوو دەکات، دەبێت ئافرەتێك بێت، پڕ لە مێیایەتی کە ئەمەش ئەستەمە، بەداخەوە پیاوەکان کچەکانی خۆیان وا پەروەردە دەکەن کە لە پیاو پیاوتر بن، کە ژنیش دێنن دەیانەوێت هاوســـەرەکانیان بە مانای وشە ژنێك بێـــت لێواولێلو لە مێیەتی پڕ بێت، ئەم دووفاقیەی پیاو و کۆمەڵگە وایکردووە، کچـــی بەتوانا و کارامە و چالاك لە کۆمەڵگە کەم بێت».

مافپەروەر شـــوان ســـابیر گەردی، ڕایوایە «لـــە کۆمەڵگە جیاجیاکاندا تاك لەســـەر ئەساسی یەکێك لەم دوو جۆرە وەفا و پابەندییە (وەلاء) پەروەردە دەکرێت، یەکەم پابەندی بە بنەمای خێـــزان و خانـــەوادە و بنەماڵە و عەشـــیرەت، دووەم بۆ خاك و نیشـــتمان و وڵات، ئەو کۆمەڵگانەی لەسەر بنەمای (وەلاء) بۆ خێزان و خانەوادە و بنەماڵە و عەشـــیرەت تاکەکان پەروەردە دەکـــەن بریتین لـــەو کۆمەڵگانەی کە دەســـەڵاتەکانی وڵات پێگەی خۆیان نەچەسپاندووە لە نێو کۆمەڵگە، بۆ نموونە کاتێك حکومەت بژێوی بۆ تاکەکان فەراهەم نەکات و تاکەکان چاویان لە سەرچاوەیەکی دی بێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە وەلائی ئەو کەسە و گوێڕایەڵییەکەی زیاتر بۆ کەســـەکە دەبێت، نەك حکومەت، وەك نموونەش ئەیهێنینەوە، مانگانەی منداڵ وابەســـتەیە بە مووچەی باوکەکە، هەر کاتێ مووچەی باوك نەما، ئەوە ئۆتۆماتیکی مووچەی منداڵەکەش نامێنێ، واتە لێرەدا داهاتی منداڵەکە وابەستەیە بە مووچەی باوکەکە نەك داهاتێکی جێگیر بێت لـــە حکومەتەوە بۆ منداڵەکە، جۆری دووەم پەروەردەی تاکە لەســـەر بنەمای (وەلاء) بۆ خاك و نیشـــتمان و دەوڵـــەت، ئەو جۆرە کۆمەڵگانە بریتین لەو کۆمەڵگانەی کە دەســـەڵاتەکانی نێو وڵات پایـــە و مەقـــام و ئەرك و مەهامیـــان جێگیرەو تاك بە هەموو کایەکانی ژیان بەســـتراوەتەوە بە وڵات، وڵاتە خوێندن مســـۆگەر دەکات، وڵاتە تەندروســـتی و ئاســـایش دابین دەکات، وەکو ئەوەی لەکوردستان هەیـــە، چونکە تاك لەســـەر بنەمـــای (وەلاء) بۆ خێزان پـــەروەردە دەکرێـــت، واتە بە پێچەوانـــەی حاڵەتی یەکەم کە هەموو ئەو شتانە لەسەر بەخێوکارە، نـــەك وڵات، بەڵام لە حاڵەتی دووەم شـــیرازە خێزانییەکان پتـــە و نییە و پەیوەندییـــە کۆمەڵایەتییەکان گـــەرم و گوڕ نییە».

گوتیشـــی «بێگومان بۆ ئەوەی بمانەوێت تاکێکی تەندروست ئامادەبکەیـــن تاوەکو ببنە هەوێنی کارەکتەرێکی کارا لە پێگە کۆمەڵایەتی و پێگە سیاســـییەکان لە ئایندە، دەبێ ســـوود لە خاڵە پۆزەتیڤەکانی هەر دوو حاڵەتی سەرەوە بکەین، واتە دەبێ حکومەت ڕۆڵی خۆی بە تەواوی ببینێت لە زامنکردنی بژێو و ئاســـایش و خوێندن و تەندروســـتی و عەدالەت و پاراستن و ... تـــاد، هەروەها خێزانیش ڕۆڵی خۆی ببینێت لە پتەوکردنی شـــیرازە خێزانییەکان و بـــرەودان بە بەرزڕاگرتنـــی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی جیاکارییەکان لەسەر بنەمای ڕەگەز و تێکشـــکاندنی کەلتوورە سەقەتەکان و نەریتە ناتەندروســـتەکان و کارکردن لەسەر بەرزڕاگرتنی ڕۆڵی کچ و ئافـــرەت و ژن و تێگەیاندنی حەقیقەتی ماف و ئازادییەکانی لـــە ژیانی کۆمەڵگە و زەمینە خۆشـــکردن بۆ پراکتیزەکردنی ماف و ئازادییەکان، کاتێ ئەو خاڵانەی باسم کردن لە دوتۆی بەرنامەیەکی نیشـــتمانی درێژخایەن داڕێژرا و هەوڵی جددی درا بۆ کارکردن لەســـەری، ئەو کاتە ئەتوانین بڵێین کچ و ژن و ئافرەت لە سەرجەم کایەکانی ژیانی کۆمەڵگە ڕۆڵی خۆیان دەبینن و ئەو کاتە دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەبێتە وەســـیلەی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و ئارام و ماف تیایدا پارێزراو دەبێت، چونکە تا ئێســـتا دادپـــەروەری کۆمەڵایەتی غایەتێکـــە دەمانەوێ پێی بگەین، کەی پێی گەیشـــتین ئەو کاتە لە غایەوە دەبێتەوە وەسیلە و غایەیەکی دوورتر و گەورەتر ئاسۆی دەردەکەوێت کە بریتییە لە خۆشگوزەرانی و ڕەفاهیەتی تاکەکانی کۆمەڵگە، لە غیابی ئەو بەرنامە نیشـــتمانییە، وەکو ئەوەی کە ئێســـتا هەیە، کـــچ و ژن و ئافرەت تەنها وەك تاکێکی ژمارە دوو دەمێننەوە و ئـــەو رۆڵەی کە مەفروز وایە بیگێـــڕن، هەر ئاوەها بە هیوا و ئاواتێك و خەونێك دەمێنێتەوە و بەس».



تانیا جەمال:

**ژینگەی خێزانی تا ئێستا بۆ پەروەردەی کچ ژینگەیەکی شیاو نییە و هەمیشە پیاوان هەوڵ دەدەن کچیان بە خەسڵەتی پیاوانە گەورە بکەن و لەگەڵ ئەوەشدا هەردەم خەتی سوور و خەتەریان بۆ دادەنێن**

مافپەروەر شوان سابیر گەردی:

**کاتێک حکومەت بژێوی بۆ تاکەکان فەراهەم نەکات و تاکەکان چاویان لە سەرچاوەیەکی دی بێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە وەلائی ئەو کەسە و گوێڕایەڵییەکەی زیاتر بۆ کەسەکە دەبێت، نەک حکومەت**

گوڵان: کۆمەڵایەتی



# خۆشەویستی نەمردووە، ڕێگەی خۆشەویستی خەوشدار بووە

زۆر جار توێژی گەنجان بە شتی جۆراوجۆر تۆمەتبار دەکرێن، تەنانەت باسی ئەوە دەکرێ، گەنجان خۆشەویستییان خەوشدار کردووەو بێ متمانەیی لەنێوانیان دروستبووە، بەڵام ئایا پێش ئەوەی گەنج تۆمەتبار بکرێ، پێویست نییە کەموکوڕییەکانی ژینگە و پەروەردەی خێزانی و کەمکارییەکانی حکومەت لەدەستەبەرکردنی داهاتوویەکی گەش بۆ گەنج وەک گرینگترین پێکهاتەی هەر کۆمەڵگەیەک بخرێتە بەرباس؟ تا چەند لە بناغەی پەروەردەوە، ژینگەیەکی لەبار و زانستی بۆ خۆشەویستی و ئەویندارى گەنج و سەرکەوتن لە قۆناغەکانی تەمەنیدا فەراهەم کراوە؟ بۆچی خۆشەویستی لە کۆمەڵگەی کوردی دەخرێتە خانەی بڤە و عەیبەکانەوە؟

**پێویستە پسپۆڕانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی لە قۆناغەکانی خوێندن لە قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگەکاندا ڕۆڵی زیاتریان لە پێناسەکردنی خۆشەویستی بدرێتی و بەرنامەی تایبەتییان لە تیڤی و رادیۆکان بۆ دەستەبەر بکرێت**

**پرۆسەی خۆشەویستی نێوان هەردوو ڕەگەز پرۆسەیەکی تەواو سۆسیۆئەنترۆبۆلۆجیی و ئایدۆلیجیانەیەو ئەو ڕەهەندو فاکتەرانەی کە هۆکاری دروستبوونی ئەم پرۆسەیەن، کاردانەوەی ژیانی منداڵی مرۆڤی بەسەرەوەیە**

**گەنجانی وڵاتی ئێمە بێ وەفا نین، بەڵام ژینگەی نەریتی قەدەریان وا لێدەکات، بە یەک نەگەن و بەڵێنەکەیان تاسەر نەبێت**

### خۆشەویستی گەنجان مەترسی گیانییان بۆ دروستدەکات

کەلتـــوور و نەریتی کۆمەڵگـــەو جەنجاڵی ژیانی تاك و ســـەختی گوزەرانکردن تا ئێستا تابۆیەکی گەورەی لەبەردم وەدیهێنانی خەونی گەنجان دروســـتکردووە، گەنج بە ترســـەوە لە ڕەگەزی بەرامبەری دەڕوانێ، زۆر جار لەکاتی هاوســـەرگیری، بە هۆی ئەوەی خێزانی کچێـــك زانیویەتی کـــوڕی داواکار پێوەندی خۆشەویســـتی لەگەڵ کچەکەیان هەبووە، قبووڵی ناکەن و تەنانەت سووکایەتیشـــی پێدەکەن، ئایا لێرەدا گەنج بێ بەڵێنە؟ ئایا گەنجێکی راســـتگۆ و خاوەن بەڵێن کە هاتۆتـــە ماڵـــی خۆشەویســـتەکەی و داوای پێکهێنانی ژیانی هاوســـەری دەکات، تاوانبارە، یان ئـــەو باوك و برایەی کە ڕێگری لە هاوســـەرگیرییەکی شـــەرعی و عورفی دەکەن؟ بۆیە ئەوە دوورە لە ڕاســـتی کە بەشێوەیەکی گشـــتاندن لەهەموو کایەکانی کۆمەڵگەدا گەنج تۆمەتبار بکرێ. پێویســـتە پرسیار بکرێ: کورد خاوەنی دەیان ئەفســـانە و چیرۆکی ئەوینداری وەك (مەم و زین) و (ســـیامەند و خەجێ) و (لاس و غەزاڵ) و (شـــیرین و فەرهاد ) و...تاد، کەچی ئێستا راز و نیازی دوو گەنج تەنانەت لە شوێنێکی گشتیدا مەترسی گیانییان بۆ دروستدەکات.

ئەوانە چین کە مەودایەکـــی فراوانی لە بێمتمانەیی لەنێوان گەنجان دروستکردووە؟ بێ ئاگابوون لە فاکتەرەکانی ئەو بێمتمانەیە، گەنجان بە بێ بەڵێن هەژمار دەکات.

### پێناسەکردنی خۆشەویستی دروستبوونی متمانەی لێدەکەوێتەوە

نووســـەر و چاودێری سیاســـی ئەحمەد عارف، لە ئاخافتنێکیدا بۆ گۆڤاری گوڵان، ســـەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «عیشـــق لە سۆز و خۆشەویســـتی گەورەترە، دەکرێت مرۆڤێك خۆشەویستی بۆ کەسێك هەبێت، یان بۆ هەر شـــتێکی دیکە، دەشـــکرێت لەگەڵ ڕۆیشـــتنیدا ئەو خۆشەویســـتییە وەلابنێ، بەڵام کاتێ عاشـــق دەبێت، ئەو عیشقە تێکەڵ دەبێـــت بە ڕۆحی و ئیـــدی جیانابێتەوە»، وتیشـــی «ئێمە میللەتێکی ماندووین چ بە دەست دوژمنانی کوردەوە لە دێر زەمانەوە وایانکردووە بە دەســـت نەبوونی سیستەمی مرۆیی خۆمان بژین، چ بەدەست هەندێك نەریتەوە کە لە بنەڕەتدا هی کورد نەبووە، هەڵبەتە ئەم ماندووبوونە ڕۆحی تاکی ئێمەی شەکەت کردووە، حزب و سیاسەت و جۆرەها ڕێکخراوی مەدەنی و پیشەیی هۆکارن لەم ونبوونی متمانە بە خۆشەویشتی و عاشقبوون، بۆیە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار بێ متمانەیی جێگـــەی بڕوا و متمانەی گرتۆتەوە، بۆ ئەم حاڵەتەش وەســـتانێکی دەوێت، دواتریش بەرنامە و پلانی تۆکمەی دەوێت کە متمانە بە عیشق بگەڕێتەوە، من لام وایە بەر لە هەموو شـــتێك پێویستە تاکی کورد بە تایبەتی گەنجان دەبێ پێناسەی عیشق بزانن و دواتر بگەڕێن بە شوێن بنچینەکانی دروستبوونی متمانە، دوای ئەوە هەوڵی خۆدۆزینەوە بدەن و بزانن ڕەشەبای بێمتمانەیی کەی و لە کوێوە هەڵدەکات».

### کچ و کوڕی کورد لە دێرزەمانەوە خاوەن بەڵێن و ڕاستگۆ بوون

ڕۆژنامەنووس دنیا رواندزی، ســـەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «من باوەڕی تەواوم بە خۆشەویســـتی و داستانەکانی پێشوو هەیە، جا هی کـــورد بێت، یان هەر نەتەوەیەکـــی دی بێت. بەتایبەتی کچ و کوڕی کورد کە خۆشەویســـتییەکی یەکجار پـــاك و بێگەردیان بۆ یەکتری هەبووە، دەتوانم بڵێم وەك شیری دایك پاك بووە، کچ و کوڕی کورد لە دێرزەمانەوە خاوەن بەڵێن و راســـتگۆ بوون بەرامبەر بەیەکتری و نە لە ئایین و نە لە کلتـــووری نەتەوەیی خۆیان لایان نەداوە، بەپێچەوانەی ئەم گاڵتەجاڕییەی ئەم ســـەردەمە و ناشیرینکردنی وشەی پیرۆزی خۆشەویستی».

دنیا لە درێژەی قسەکانیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «خۆشەویستی هەر ئەوە نییە کە کوڕێك تەنیا خاوەن بەڵێن بێت و کچە خۆشەویستەکەی بکاتە هاوســـەری ژیانی خۆی، بەڵکو گرنـــگ ئەوەیە تامردن بۆ یەکتری دڵسۆز و وەفادار و پاك بن و نەك ڕۆژ بە ڕۆژ، بەڵکو چرکە بە چرکە خۆشەویستییەکەیان گەشە بکات».

### ژینگەی کۆمەڵایەتی پێناسەی خۆشەویستی تێکداوە

ئەو خانمە رۆژنامەنووســـە کێشـــەی ســـەرەکی بێمتمانەیی گەنج بەرامبەر بە خۆشەویســـتی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتـــەوە کە «ژینگەی کۆمەڵایەتی وایکردووە مانا و پێناسەی ڕاستەقینەی خۆشەویستی تێکبدرێ». گوتیشـــی «جگە لەوەش کۆمەڵگە و خێزان هەمیشە بەربەستی بە یەکگەیشـــتنی دوو دڵن، بەتایبەت کاتێك کەسوکاری کچەکە بزانن ئەو کـــوڕە لەگەڵ کچەکەیان پەیوەندی هەیە، ئەوە بە هیچ شـــێوەیەك کچەکەیان بە کوڕە نادەن و ئەگەر بۆیان بلوێ کچە بکەشیان دەکوژن».

ئومێد رەســـوڵ توێـــژەری کۆمەڵایەتییەو هێما بـــۆ ئەوە دەکات کە ڕۆژانە لە راگەیاندنەکان هەواڵی خۆکوشتنی گەنجان بڵاو دەکرێتەوە، یان دەڵێن فڵانە گەنج خۆی کوشـــت، لەبەر ئەوەی نەیانهێشـــت بە خۆشەویســـتەکەی شـــاد بێت، واتە کاتێك کـــوڕ و کچێك یەکتریان خـــۆش دەوێت، خێزانـــی یەکێك لەم دوو خۆشەویســـتە ڕێگرییان لە بەیەکگەیشتنیان کردووە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەندێکجار هەوڵی خۆ کوشتن بدەن و تەنانەت کۆتایی بە ژیانیان بێت».

سیاسەتی سەقەت گەنجان سەرگەردان دەکات

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە بە پێویستی دەزانێت «گەنجان خۆشەویستی بە شـــتێکی کەم و ئاســـایی وەرنەگرن و ڕێز لە یەکتر بگرن و خاوەن بەڵێن بن». گوتیشـــی «گەنجانی وڵاتی ئێمە بێ وەفا نین، بەڵام ژینگەی نەریتی قەدەریان وا لێدەکات، بە یەك نەگەن و بەڵێنەکەیان تاســـەر نەبێت، بۆ نموونە لە کاتێك دوو کەس یەکتریان خۆش بوێت، ڕێگر هەبێت، پێداویســـتییەکانی ژیان فەراهەم نەبێت، ژینگەیەکی ئارام بوونی نەبێت، دەسەڵات یارمەتیدەری گەنج نەبێت، سیاسەتێکی ســـەقەت گەنجان سەرگەردان و شـــەکەت و بێ بەرنامە و بێ پلان بکات، ئەوکات گەنج نەك هەر بڕوا و متمانەی بە عەشـــق نامێنێ،



بەڵکو ناتوانێ وڵات و نیشتمانەکەشـــی خـــۆش بوێت و ئینتیمای نیشتمانیش لەدەست دەدات، هەموو ئەوفاکتەرانە دەبنە هۆی کۆتایی هێنان بە عەشـــق و دواتر بەخۆیان، لەبـــەر ئەوەش ڕۆژانە دەبینین و دەبیستین کە چیرۆکەکانی خۆشەویستی چۆن کۆتاییان پێدێت».

## عەشقی نێوان دوو دڵخواز وخوشەویستی بۆ نیشتمان

رۆژنامەنووس هۆشیار سەید وەلی، یەکێکە لەو هەزاران کەسەی مە بە چاوی ڕێزەوە لە خۆشەویستی دەڕوانێت، بۆیە دەڵێت «من عەشقی نێوان دوو دڵخواز لەگەڵ خوشەویســـتی بۆ نیشتمان بەراورد دەکەم، بەڵام بەداخەوە لە ئێســـتادا هەردووکیان لاواز بوون». نموونەش بەوە دەهێنێتەوە کە «لە ساڵانی هەشتاکان سۆزی نیشتمانی زۆر بەهێزتر بوو لە نێو هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە، هەرچەندە تاوەکو ئێســـتاش ئەو ســـۆزە لای چەندان خەڵکی ئەم کوردستانە بە جۆش و خرۆشەوە چەکەرەی کردووە، بەڵام وەکو پێشـــتر نەماوە، خۆشەویســـتییەکەش پێناسەی خۆی ون کردووە، بۆیە باسی بێ متمانەیی بە خۆشەویستی نێوان کـــچ وکوڕ دەکرێ، گەرچی متمانەی نێـــوان کوڕ و کچ بۆ بنچینەی کەســـەکان دەگەڕێتەوە، هەر کەسێك پاك بێت و دوور بێت لە قۆڵ بڕین و ســـووکایەتی پێکردن و لەسەر کەلتوور و دابونەریتی رەسەنی خۆی مابێ، ئەوە لەو باوەڕەدانیم متمانەی بە خوشەویستی و عەشق نەبێت، بە شێوەیەکی لاوەکیش مۆبایل و ئینتەرنێت هۆکارێکن بۆ نەمانی بڕوا و متمانەی نێوان عاشقان و گەنجان».

## خۆشەویســـتی رۆمانەکان و ســـیناریۆی سینەماکان و ئاواز و شیعر گۆرانییەکانیشی زەوتکردووە

هاوڕێ ئەحمەد شاعیر و کادیرێکی سیاسییەو بەمجۆرە پێناسەی خۆشەویستی دەکات:

«پرۆســـەی خۆشەویستی نێوان هەردوو ڕەگەز پرۆسەیەکی تەواو سۆسیۆئەنترۆبۆلۆجیی و ئایدۆلیجیانەیەو ئەو رەهەندو فاکتەرانەی کـــە هۆکاری دروســـتبوونی ئەم پرۆســـەیەن، کاردانەوەی ژیانی منداڵی مرۆڤی بەسەرەوەیە. بۆ نموونە لە تەمەنی ١٣ و ١٤ ساڵیدا بەشـــێوەی پڕ لە سۆزداری و (پەنابردن) گەشـــەدەکات، لەگەڵ گۆڕانە جەستەیی و فیزیکییەکان (لکاندنی هەستە هەرزەییەکان) و گۆڕینەوەی نمایشە جەســـتەیی و دەروونییەکان بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە دروست وەك بێئاگایەك لەدەرەوەی خۆیان جووڵە و نشو نوما دەکەن، خەســـڵەتەکان بەپێی باگراوندی کەســـەکان لە بەرەوە پێشـــچونی تەمەندا چڕدەبنەوە تادەگاتـــە تەمەنی ١٩ و زۆر جار سەرووی تەمەنی ٢٥ ســـاڵیش دەگرێتەوە». وتیشی «ئەو پرۆسە دەروونییە ئاڵۆزە بۆ ٤ بەش لە شـــێوەکان دابەش دەبن، حەز لێکردن، دڵداری، خۆشەویستی، عیشـــق، قۆناغـــی یەکەم پەیوەســـتە بە گۆڕانە هۆرمۆنی و هەست بە جەستەکردنی کەسەکانەوە لە قۆناغی دووەم پەنابردن لە ڕووی ســـۆزی دەروونییەوە لەپێناو جیابوونەوە لە دەوربەرەکەی، لـــە دوو قۆناغەکانی کۆتاییدا کە لەتەمەنی ٢٣ بۆ تەمەنی ٤٥ تا ٦٥ ســـاڵیدا ڕوو دەدەن، بریتین لە خۆشەویســـتی و عیشـــق کە ئەمە داستانی جۆرەهای بەدوای خۆیدا هێناوەو بووە بە پرفرۆشترین پەرتووکی رۆمانە عاشقانەکان و داستانە پڕ عیشقەکان و زۆرجار بەرهەمی گەورەی ئەدەبی وەك شـــیعر و پەخشانیش تیا لەدایك بووە و خۆشەویســـتی بەشێك لە سیناریۆیە هەرە مەزنەکانی فیلمســـازییان داگیرکردووە و چێژی بێبڕانەوەی بە بینەر بەخشیوەو ئاواز و شـــیعر و میلۆدی زۆربەی هەرە زۆری گۆرانییەکانیشـــی بۆخۆی زەوت کردووە».

هاوڕێ ئەحمەد ئەوەشـــی خســـتەڕوو کە لە کوردســـتان زۆرترین داســـتانەکانی مەزنی عیشـــق روویانداوە و بوونە بـــە پەرتووکی بەرئاگردانی ئەم میللەتەو بەشـــێکی زۆری ڕەفەی کتێبخانەکانی گرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا ئەبینین و ئەبیستین کە چەندین کەس لە کچان و کوڕان لە بە ئامانج گەیشتنی ئەم پرۆسەیە تێکدەشکێن و زۆرجـــار هەوڵی خۆلە بەین بردنیان هەڵبژاردووە، چ لە پێش و چ دوای هاوســـەرگیری، هۆکارەکانیشی یەکجار زۆرن، ناتەندروستی سەرەتای پەیوەندییەکان، یان لە قۆناغەکانی یەکەم و دووەمدا کە لە ســـەرەوە باسمان کردووە، بەهۆی شکاندنی ئەو یاسا و نەریتەی کە بۆ هەموو تاکێ دانـــراوە، یاخود زڕاندنی ئابڕووی یەکێك لەو دوو ڕەگەزەی کە لەم پرۆسەیە بەشداربوون، یان بەهۆی بەدحاڵی بوونی یەکێکیان لەکاتی خۆ ســـەلماندنیان وەك پێگەیشتوویەکی تەواو، لە سروشـــتی ژیانی تاکەکاندا ئەگەر سەرکوتکردنی حەزو ئارەزوو بە ڕێژەیەکی زۆر هەبوبێت، ئەوە ١٠٠٪ لەو پەیوەندییەدا رەنگدانەوەی ئەبێت و دەرهاویشـــتەی زۆر خراپی ئەبێت کە جیابوونەوە و هەوڵی خۆکوشتن بەشی بەرچاوی ئەو دیاردەیەیە. هەروەها دەبینین سەدەها کوڕ بە بڕیـــاری دادوەر زیندانی و ســـزای جۆراوجۆر وەردەگرن. تاکە چارەســـەریش بۆ ئەم حاڵەتە وشـــیاری تاکە. دەبوو میدیاکان بەرنامـــەی کۆمەڵایەتی زیاتریان لەســـەر خۆشەویســـتی لەکاتە گونجاوەکاندا پێشکەش بکەن و رێکخراوەکانی تایەبت بە کێشەکانی گەنجیش ڕۆڵـــی زیاتری مەیدانییان هەبووایە، هەوەها پێویســـتە پسپۆڕانی دەروناسی و کۆمەڵناســـی لە قۆناغەکانی خوێندن لە قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگەکاندا ڕۆڵی زیاتریان لە پێناسەکردنی خۆشەویســـتی بدرێتی و بەرنامەی تایبەتیان لە تیڤی و رادیۆکان بۆ دەستەبەر بکرێت.

## مانگانە ٤٠٠ کچ پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن

بە پێی راپۆرتێکی (بی بی ســـی) لە هەرێمی کوردستان مانگانە ٤٠٠ کچ پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن، کە زۆربەیان دوای ئاشکرابوونی پەیوەندیی خۆشەویستییان ئاگر لە جەستەی خۆیان بەردەدەن، بۆیە دەکرێ بگوترێ ئاشکرابوونی تەنانەت خۆشەویستییەکی پاکیش لە کۆمەڵگەیەکی کۆنسەرڤاتیف و دابونەریتی هۆکاری سەرەکی ئەو خەسارە گەورەیانەیە کە رووبەڕووی گەنج دەبێتەوە.



**کچ و کوڕی کورد لە دێرزەمانەوە خاوەن بەڵێن و راستگۆ بوون بەرامبەر بەیەکتری و نە لە ئایین و نە لە کلتووری نەتەوەیی خۆیان لایان نەداوە، بەپێچەوانەی ئەم گاڵتەجاڕییەی ئەم سەردەمە و ناشیرینکردنی وشەی پیرۆزی خۆشەویستی**

**حزب و سیاسەت و جۆرەها رێکخراوی مەدەنی و پیشەیی هۆکارن لە ونبوونی متمانە بە خۆشەویشتی و عاشقبوون، بۆیە بە تێپەڕبوونی رۆژگار بێ متمانەیی جێگەی بڕوا و متمانەی گرتۆتەوە**

**ئێمە میللەتێکی ماندووین چ بە دەست دوژمنانی کوردەوە لە دێر زەمانەوە وایانکردووە بە دەست نەبوونی سیستەمی مرۆیی خۆمان بژین، چ بەدەست هەندێک نەریتەوە کە لە بنەڕەتدا هی کورد نەبووە**